حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

# پلانی ستراتیژیی زانکۆی سۆران

## لەژێر دروشمی: لە مرۆڤسازییەوە بەرەو نیشتیمانسازی

٢٠٢٦ - ٢٠٢٣

## دیدی زانکۆی سۆران:

بونیادنانی ناوەندێکی باوەڕپێکراوی پەروەردەیی، ئەکادیمیی و ڕاوێژکاریی پێشڕەو و بەشدار لە هێنانەکایەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی.

## پەیامی زانکۆی سۆران:

بەشداریکردنی کارا لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و پێگەیاندنی تاکێکی بەرهەمدار و پەروەردەکراو بە زانست و زانیاری، بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕاهێنراو بۆ بازاڕی کار لە ڕێگەی دۆزینەوە و پەرەپێدانی تواناکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی ئامانجداری سەردەمیانە  لە پێناو پێشخستنی نیشتیمان.

## ئامانجی پلانی ستراتیژی:

ئامانج لە پلانی ستراتیژی بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو لایانانەی گەشە و بایەخ پێدانیان سەرکەوتنمان لە ماوەی داهاتوو دیاریدەکەن.

## بەها سەرەکییەکان:

Sagacity : دانایی
Openness : کراوەیی
Responsibility : بەرپرسیاریەتی
Academic Integrity : دەستپاکیی ئەکادیمی
Novelty, Quality & Sustainability : نوێخوازی، چۆنایەتی و پایاری

پلانی ستراتیژیی زانکۆی سۆران بۆ ٢٠٢٣ - ٢٠٢٦، بریتییە لە مسۆگەرکردنی چەند ئامانجێکی گرنگ و بەهادار لە ڕێگای جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرک و کار کە پێویستی بە پلانێکی تۆکمە و بەردەوام هەیە.

## ئامانجەکان:

ئامانجی یەکەم: ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئەکادیمی و فێربوونی سەردەمییانە.
ئامانجی دووەم : برەودان بە شێوازی فێربوون و فێرکردنی هاوچەرخ.
ئامانجی سێیەم: هێنانەکایە و پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندن.
ئامانجی چوارەم: بەدەستهێنانی متمانەی KAAE بۆ زانکۆ و پرۆگرامەکانی خوێندن.
ئامانجی پێنجەم : پێشکەشکردنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی کارا و گونجاو.
ئامانجی شەشەم: بەستنەوەی کاری زانکۆیی بە جڤاکەوە.
ئامانجی حەوتەم: پێشخستنی توێژینەوەی زانستی.
ئامانجی هەشتەم: گۆڕینی زانکۆی سۆران بۆ زانکۆی توێژینەوە و زانستە کارەکییەکان.
ئامانجی نۆیەم: پایاری (Sustainability).
ئامانجی دەیەم: سەربەخۆکردنی زانکۆ.

## وردەکاریی ئامانجەکان:

### ئامانجی یەکەم: ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئەکادیمی و فێربوونی سەردەمییانە.

**١- کارکردن بۆ بونیادنانی باڵەخانەی نوێ و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی فێربوون و فێرکردن.**

- دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ.
- دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ و سەردەمییانە بۆ فاکەڵتیی پەروەردە.
- چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونی قوتابیان.
- دروستکردنی هۆڵێکی وەرزشیی داخراو.
- دروستکردنی مەلەوانگەیەکی وەرزشیی داخراو.
- دروستکردنی هۆڵێکی سەردەمییانە بۆ لەشجوانی.
- دروستکردنی پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل.
- دروستکردنی کتێبخانە و شوێنی خوێندنەوەی ناوەندی زانکۆ.
- دروستکردنی هۆڵێکی تایبەت بە کۆنفرانس و چالاکییە گشتییەکان.
- دروستکردنی شوێنی پێویست بۆ تاقیگە و پرۆگرامی نوێی خوێندن.
- دروستکردنی کۆگای ناوەندی زانکۆ کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم.

**٢- بایەخدان بە شوێنی کارکردن و کات بەسەربردنی قوتابیان، مامۆستایان، فەرمانبەران و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.**

- ڕێکخستنەوە و دابینکردنی شوێنی کارکردنی مامۆستایان.
- دروستکردن و دابینکردنی ژینگەی فێربوون تایبەت بە قوتابیان.
- پاراستن و زیادکردنی پانتایی و ڕێژەی سەوزایی، جێگرکردنی شوێنی کات بەسەربردن.
- دابینکردنی شوێنی تایبەت بە جگەرەکێشان.
- دروستکردنی مارکێتێکی ناوەندی لە ناو کەمپەسی زانکۆ.

**٣- ڕێکخستنەوە و باشتر گونجاندنی ئەو باڵاخانانەی کە ئێستا هەن بۆ پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و ژیانی ئەکادیمی.**

- بۆیاخکردنەوەی ژوورەکانی خوێندن و ڕێڕەوی باڵەخانەکانی بەپێی پێویست.
- نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی بەردەوامی سیستەمی ڕێکخستنی هەوا (گەرمی و ساردی).
- هێنانەکایەی مۆزەخانە و ناوەندی فەرهەنگیی زانکۆ.
- دانانی هێماکانی ئاڕاستەکردنی شوێنەکان.

**٤- فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دەروونددروستی و چاودێریکردنی منداڵان.**

- هێنانەکایەی سەنتەری ڕاوێژکاری قوتابیان.
- کردنەوەی بنکەی تەندروستی زانکۆ.
- کردنەوەی دایەنگای تایبەت.

## ئامانجی دووەم : بڕەودان بە شێوازی فێربوون و فێرکردنی هاوچەرخ

**١- بایەخدان بە لێهاتوویی و شارەزایی دەستەی فێرکاری لە چوارچێوەی گەشەپێدانی بەردەوام .**

**پەیرەوکردنی پێداگۆجی و نوێترین تەکنیکی فێرکردن و وانەووتنەوە.**

- کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پەرەپێدانی بەردەوام.
- ڕەخساندنی دەرفەتی بەشدارپێکردنی مامۆستایان لە چالاکییە زانستییەکانی دەرەوەی وڵات.
- بانگهێشتکردنی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی شارەزا لە بواری پەرەپێدانی ئەکادیمی.

## ٢- بە ناوەندکردنی قوتابی و بایەخدانی زیاتر بە جێبەجێکردنی پێواژووی بۆلۆنیا.

- ئەنجامدانی وۆرکشۆپی بەردەوام تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری قوتابیان.
- بەشدارییپێکردنی قوتابیان لە بڕیارەکانی پەیوەست بە قوتابیان.
- دروستکردنی پلاتفۆرمێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوە و پێدانی زانیاری بە قوتابیان.
- وەرگرتنی فیدباک لەبارەی ئاستی ڕەزامەندی قوتابی لە تەواوی کاروباری زانکۆ.
- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پێواژووی بۆلۆنیا لە گشت پرۆگرامەکانی خوێندن.

## ٣- ڕاهێنانی قوتابی بۆ بەدەستهێنانی توانا و کارامەییە سەردەمیەکانی داواکراو بۆ بازاڕی کار.

- دەستبەرکردنی کۆرسی کارسازی لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن.
- کردنەوەی خولی بەردەوام لە بوارەکانی سەرکردایەتی و چارەسەرکردنی ئاریشەکان و بەهێزکردنی توانای گفتوگۆ و پێشکەشکردن.
- پەرەپێدان و فراوانکردنی پرۆگرامەکانی ئاڵوگۆڕی قوتابی لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوە.
- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمپانیا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ڕاهێنان و خستنەسەرکاری دەرچووان.
- ئەنجامدانی سەردانیکردنی مەیدانی بۆ زیاتر ئاشنابوون و بە پراکتیزەکردنی وانە تیۆرییەکان.
- ئەنجامدانی ڕۆژی نمایش Innovation Day بە مەبەستی دەرخستنی تواناکانی فێرخوازان و خستنەرووی پڕۆژە و داهێنانەکانیان لە ڕێکەوتی دامەزراندنی زانکۆی سۆران.
- کردنەوەی خولی زمانی بیانی بۆ قوتابیان.

## ٤- بایەخدانی زیاتر بە پڕۆژە و چالاکیە زانستییەکانی قوتابی و بە پڕاکتیزەکردنیان.

- فەراهەمکردنی چالاکی وەرزی بۆ خستنەروو و بە بازاڕکردنی بیرۆکەی قوتابیان.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵانەی توێژینەوەی زانستی قوتابیان.
- کردنەوەی پێشەنگای هەڵی کار بۆ پڕۆژە و بیرۆکەی قوتابیان و بانگهێشتکردنی خاوەنکارەکان.

ئامانجی سێیەم: هێنانەکایە و پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندن.

:::١- کردنەوەی بەش نوێ وەکو
- (کشتوکاڵی سەردەم) Modern Agricultural programs
- (پەروەردەی هونەری ) Educational Arts
- (زیندەگی پزیشکی ) Medical Microbiology
- ( گەشتیاری ژینگەیی ) Ecotourism
- (زانستی فیزیا) Physics
- (پەیوەندی و ڕۆژنامەگەری) Journalism and communication
- (تەلارسازی دیمەنی سروشتی ) Landscape Architect
- ( مرۆڤناسی وشوێنەوارناسی) Archeology and Anthropology
- (پەرستاری ) Nursing
- (تەنکنۆلۆژیایی دارایی ) Financial Technologies
- (پەروەردەیی تایبەت ) Special Education

٢- تێکهەڵکێشکردنی ئەم بوارانەی خوارەوە بەپێی گونجاوی لەگەل پرۆگرامەکانی خوێندن.

- (پرۆگرامی زانست و ئەندازیاری ژینگەیی) Environment science and engineering
- (پرۆگرامی ئەندازایاری کانزاکان) Mining engineering
- (پرۆگرامی وزە نوێبووەکان) Renewable Energy
- (پرۆگرامی زانیاری زیندەگی) Bioinformatics and computational Biology
- (پرۆگرامی کارسازی) Entrepreneurship
- (پرۆگرامی دەروونزانی کلینیکی) Clinical Psychology
- (پرۆگرامی زیرەکی دەستکرد و ئاسایشی ئەلیکترۆنی) Artificial Intelligence and Cyberse-curity
- (پرۆگرامی زمانەکانی سەردەم) Modern Languages
- (ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی تایبەت) Psychological guidance and special education
- (پرۆگرامی کاری کۆمەڵایەتی) Social work
- (پرۆگرامی لێکۆڵینەوە شوێنەواریی و کەلتورییەکان) Archaeological and Cultural Studies
- (پرۆگرامی جوگرافیای کارەکی و لێکۆلینەوە ژینگەییەکان) Applied Geography and Envi-ronmental Studies

٣- هێنانەکایـەی بـۆردی ڕاوێـژکاری پرۆگـرام لەسـەر ئاسـتی هـەر بەشێکی زانستی.

- ئامادەکردنی پەیرەوی ناوخۆی بۆرد
- پەیوەنـدی و هەماهەنگـی کـردن لەگـەل سـەرمایەدار و خاوەنـکاران و دەرچوانـی پێشووی زانکۆی سۆران و پسپۆرانەی بوارەکە.
- ئەنجامدانـی وۆرکشـۆپ و ڕاهێنانـی بـەردەوام بـۆ شـارازبوون و پەرەپێدانـی شێوازی کارکردنی بۆردەکە.
- لـە ساڵی یەکـەم دا هـەر بەشـێکی زانسـتی لەسـەر ئاسـتی هـەر فاکەلتیـەک وەکـو پایلۆت جێبەجێ بکرێت.

## ئامانجـی چـوارەم: بەدەسـتهێنانی متمانـەی KAAE بـۆ زانکـۆ و پڕۆگرامەکانی خوێندن.

١- هێنانەکایـەی ناوەنـدی بەدیهێنانـی کاریگـەری دامەزراوەیـی(Institutional Effec-tiveness) کە ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە سەرۆکی زانکۆ.

- ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتیەکە
- ڕاهێنانی کۆمەڵێک ستافی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی بەڕێوەبەرایەتیەکە.
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت بە کار و ئامانجی بەڕێوەبەرایەتیەکە.

٢- بایەخدانی زیاتر بە پرۆسەی دڵنیای جۆری فێرکردن و بەرێوەبردن.

- پێداچوونەوە بە فۆرم و میکانیزمی هەلسەنگاندن و وەرگرتنی فیدباک
- دروسـتکردنی داتابەیەسـێکی تایبـەت بـە تۆمارکردنـی سـیمینار و چالاکیـە زاسنتییەکان.
- ڕێکسختنەوەی کاروباری دڵنیای جۆری و بەجێهێنانی ئەرکەکانی.
- کاراکردنەوەی ئەرکی دڵنیای جۆری لەسەر ئاستی بەشە زانستییەکان.
- هێنانەکایەی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری بەڕێوەبردن

٣- بایەخدانی زیاتر بە تاقیگە و توێژینەوەی زانستی و سەرچاوەکانی فێرکردن.

- هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی و چۆنایەتی ئامێرە بەردەستەکان
- دیاریکردنی جۆری توێژینەوەی پێویست بەپێی ئامانجەکانی زانکۆ.
- دیاریکردن و دەستەبەرکردنی تاقیگە و ئامێر و کەرەستەی پێویست بەپێی پێوەرە جیهانییەکان.
- هەوڵدان بۆ تەرخانکردنی تێچووی پێویستی توێژینەوەکان.
- هەوڵدان بۆ دەستگەیشتن بە گۆڤار و ناوەندەکانی جیهانیی بڵاوکردنەوە.
- دامەزراندنی گۆڤاری زانستە کردارییەکان بە ناوی پایاری.

٤- دەستەبەرکردنی شەفافیەت و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی ئەکادیمی.

- ئامادەکردنی کەتەلۆگی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەردەستکردنیان.
- بەردەستکردنی پرۆفایلی ستافی وانەبێژی زانکۆ.
- بەردەستکردنی ئاکامەکانی فێربوون و ناوەڕۆکی وانەکان و شێوازی وتنەوە و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن لەسەرەتای هەر وەرزێکی خوێندن.
- بەردەستکردنی سیاسەتی گشتی زانکۆ.
- بەردەستکردنی وردەکاری داهات و خەرجیەکان.
- پێدانی دەرفەت بۆبەشداری پکردنی کارای گشت ستاف لە کاروبارەکانی زانکۆ

٥- دەستەبەرکردن و ئامادەکردنی ستافی وانەبێژی پێویست و شیاو

- هەڵەسەنگاندنی پێویستی زانکۆ بۆ مامۆستا و دیاریکردنی پسپۆرییە پێویستەکان.
- بەردەستکردنی خولی ڕاهێنان و گەشەپێدانی بەردەوام.
- بەردەستکردنی خولی ڕاهێنانی تایبەت بەپێی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی دڵنیایی جۆری.
- هەوڵدان بۆ هێنانی ستافی ئەزمووندار لە زانکۆکانی دیکە.

## ٦-پەیڕەوکردنی شێوازی سەردەمیانە بۆ هەڵسەنگاندن و پێشخستنی پرۆسەی فێربوون و پەرەپێدانی کارامەییەکان لە فێرخواز.

- دانانی روبریک بۆ ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن
- هەمەجۆرکردنی شێوازەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن و بەستنەوەیان بە کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەکەم.
- جێبەجێکردنی شێوازەکانی فێربوونی ئاوەژۆ-هەڵگەراوە (flipped learning)

## ٧-بەرپرسیاریەتی و خودهەڵسەنگاندن.

- هەڵسەنگاندنی بەردەوامی کاروباری دەزگاکانی زانکۆی سۆران لە ڕێگای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانە.
- هەڵسەنگاندنی ساڵانەی کارمەندان.
- هەڵسەنگاندنی مانگانە و وەرزی باڵاخانە و تاقیگەکانی زانکۆی سۆران.
- ئەنجامدانی شیکردنەوەی دارایی و کارگێڕی ساڵانە بۆ هەڵسەنگاندنی باردۆخی گشتی دارایی و کارگێڕی زانکۆی سۆران.

## ئامانجی پێنجەم: پێشکەشکردنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی کارا و گونجاو.

## ١. ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان و کارمەندان بە مەبەستی ئاشناکردنیان بە بنەماکانی بەڕێوەبردنی سەردەمیانە و یاسا و ڕێنماییە کارگێرییەکان.

- دەستنیشانکردنی بوارە پێویستیەکانی ڕاهێنان.
- کردنەوەی خولەکانی تایبەت بە ڕێنماییە بەرکارەکانی کارگێڕی و یاسایی و ئەکادیمی.
- کردنەوەی خولی کارگێری، یاسایی، ژمێریاری و ئای تی بۆ تازە دامەزراوەکان.

### ٢. دانـان و پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی بەسـتنەوەی زانیاریـە کارگێڕییـەکان Data Base) و بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی (e-management).

- فراوانکردنـی بەڕێوەبەرایەتـی ئایتـی لـە ڕووی سـەرچاوە مرۆییـەکان و پێداویسـتی تەکنیکی.

- بەرزکردنەوەی توانای ستافی زانکۆ لە ڕووی کارگێڕی و کارامەیی ئەلیکترۆنی.

- ڕێکخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕی و تێکهەڵکێشکردنی یەکە پەیوەندیدارەکان.

- دروسـکردنی سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی ئەلیکترۆنـی بـۆ تـەواوی کارە کارگێڕیەکانـی زانکۆ.

- پابەندکردنـی سـتافی ئەکادیمـی و کارگێـڕی و قوتابیـان بـە بەکارهێنانـی ئیمێڵـی فەرمی زانکۆ بۆ پەیوەندیکردن.

### ٣. پەیڕەوکـردن و جێبەجێکردنـی داخوازییـە سـەرەکییەکانی ISO لـە بـارەی دڵنیایی جۆری بەڕێوەبردن.

- پێکهێنانـی لیژنەیەکـی تایبەتمەنـد بـۆ دیراسـەکردنی مەرجەکانـی ISO چۆنییەتـی جێبەجێکرنیان.

- تۆمارکـردن و پاراسـتنی کۆنووسـی هەمـوو کۆبونەوەکانـی ئەنجوومەنـی زانکـۆ، ئەنجوومەنی فاکەڵتی و ئەنجوومەنی بەشەکان.

### 4. پەیڕەوکردنی میکانیزمی کاریگەر و سەردەمیانە لە بڕیاردان.

### 5. بەشـدارپێکردنی قوتابیـان لـە پرۆسـەی بەڕێوەبردنـی یەکـە کارگێڕیـی و خزمەتگوزارییەکانی قوتابیان.

- ڕاسپاردنی ئەرکی چاودێری لە بەشە ناوخۆییەکان

- ڕاسپاردنی ئەرکی بەڕێوەبردنی چالاکیی و شوێنە وەرزشیەکان

- بەشـدارپێکردنی قوتابیـان لـە کارە خۆبەخشـیەکان و چالاکیەکانـی سـەنتەری گەشەپێدانی کار.

## ئامانجی شەشەم : بەستنەوەی کاری زانکۆیی بە جڤاکەوە.

### ١.بونیادنانـی پەیوەنـدی و هاوبەشـی لەگـەڵ دەزگا و دامـەزراوە نێوخۆیـی و نێوەدەوڵەتیەکان.

- دانانی ئەندامی پەیوەندیدار لە بۆردی ڕاوێژکاری هە ربەشێکی زانستی

### 2. بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری جڤـاک لـە ڕووی کەلتـوری و پاراسـتنی بەها نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکان.

- ئەنجامدانـی چاڵاکـی کەلتـوری ( ڤیسـتیڤال، ڕۆژی ناسـاندنی زانکـۆ، کردنـەوەی پێشـەنگای پەرتـووک، کردنـەوەی پێشـەنگای خۆشنووسـی، پێشـبڕکێی وتارنووسـین و وتـاردان، پێشبرکێی وێنەکێشان، ماراسۆن ( ڕاکردنی بەکۆمەڵ)) ئامانجدار
- ئەنجامدانـی چالاکـی نیشـتیمانی ( ڕۆژی ئـاڵا، ڕۆژی نـەورۆز، ڕۆژی جلـی نەتەوەیـی، ڕۆژی زمانی دایک) ئامانجدار.
- ئەنجامدانی چاڵاکیە وەرزشییەکان و زیندووکردنەوەی وەرزشی میللییەکان.

### 3. دروسـتکردنی هەماهەنگـی زیاتـر لەگـەڵ کەرتـی گشـتی و تایبـەت بـۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی وڵات و بازاڕی کار.

- کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی تایبەت بە زانستە مرۆییەکان.
- ئەنجامدانی چالاکی ڕۆژی دیزاین (Design day).
- پێشەنگای ساڵانەی بیرۆکەی کاری قوتابیان لە وانەی کارسازی
- کاراکردنی سیستەمی کارکردنی قوتابی (Internship) لە کۆمپانیاکان
- جێبەجێکردنـی کار و پـرۆژەی هاوبەشـی لەگـەڵ کەرتـی تایبەتـی بـە شـێوازی (Public-Private Partnership).
- کردنەوەی پێشانگای بەرهەمی رووەکی و ئاژەڵی جوتیارانی ناوچەکە.
- پێدانی ڕاوێژی زانستی و پیشەیی بە کەرتی و گشتی و تایبەت.

### 4. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ کەرتی گشتی و تایبەت.

- ڕووپێوکـردن بـۆ دەستنیشـان کردنـی کێشـە و گرفـت و پێداویسـتییەکان بەپێـی پسـپۆری پەیوندیدار.
- ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵی سەرەتایی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی پێویست.
- خستنەڕووی پرۆپۆزەڵەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی چاڵاکی زانستی.
- هەڵبژاردنی گونجاوترین پرۆپۆزەڵ و دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی.
- چەسپاندنی پرۆپۆزەڵەکان و ڕاسپاردنی توێژەرەکان.
- ڕاسـپاردنی سـەنتەرەکانی توێژینـەوە بـۆ بەدواداچوونـی بـەردەوام بـۆ چۆنیەتـی بەڕێوەچوونـی ئەنجامدانـی توێژینـەوەکان لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی سـیمیناری وەرزی لەلایەن توێژەرەکان.

### ٥. کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پێگەیاندن بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەت.

- ڕووپێوکردن بۆ دەستنیشان کردنی پێداوستییەکانی دامودەزگا گشتی و تایبەتەکان.
- ڕاسپاردنی ڕاهێنەری پێویست لە بواری جۆراوجۆر لە ڕێگای:
i. ڕاهێنەرانی ناوخۆیی زانکۆ
ii. هێنانی پسپۆڕی شارەزا و پیشەیی لە دەرەوەی زانکۆ بەپێی پێویست.
- کردنەوەی خولی بەردەوام بەپێی پێویستییەکانی دامودەزگاکان.
- کردنەوەی خولی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی جوتیاران
- ئامادەکردنی ڕاهێنەری شارەزا لە ڕێگای
iii. هێنانی کەسانی شارەزا لە دەرەوەی زانکۆ
iv. ناردنی ستافی زانکۆ بۆ وەرگرتنی ڕاهێنانی پێویست.

## ئامانجی حەوتەم: پێشخستنی توێژینەوەی زانستی.

### 1. ئاڕاستەکردن و هاندانی مامۆستایان و قوتابیان و توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە پێناو چارەسەکردنی کێشەکانی چڤاک و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

- دەستنیشانکردنی گرفتەکانی توێژنەوەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی.
- ڕێکخستنی وێرکشۆپی بەردەوام بە مەبەستی هاندان و بەرزکردنەوەی توانای توێژەرانی زانکۆ.
- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕان و پێداچوونەوە و بڵاوکردنەوە.
- دابینکردنی پاداشتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە بەمەستی زیاتر هاندانی توێژەران.
- پەرەپێدان بە توێژینەوەی ڕەسەن.

### ٢. فراوانکردنـی تـۆڕی پەیوەندییـە ئەکادیمییـەکان بـۆ پێشخسـتنی توێژینەوەی زانستی.

- دروسـتکردنی پەیوەنـدی و هەماهەنگـی لەگـەڵ توێـژەر و ناوەنـدە بەناوبانگەکانـی توێژینەوە و بڵاوکردنەوە.
- هانـدان و هاوکاریکردنـی توێژەرانـی زانکـۆ بـۆ بەشـداریکردن لـە چالاکییـە زانسـتییە نێودەوڵەتییەکان.
- ئەنجامدانـی چالاکـی هاوبـەش لەگـەل ئـەو ناوەندانـەی کـە لێکتێگەیشـتنی هاوبەشمان لە گەڵیان هەیە.
- دروستکردنی تیمی توێژەران لە پسپۆڕی جۆراوجۆر.
- هەوڵـدان بـۆ بـە ئەنـدام بـوون لـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان (بـۆ نمونـە ئیراسمۆس، داد، ئەپرەیز، یوئێس ئەید).

### ٣. کارکردن لە پێناو بەدەستخستنی پاڵپشتی دارایی توێژینەوە.

- پێکهێنانـی تیمێکـی تایبـەت بـۆ بـە ئامانجگرتنـی ئـەو لایـەن و ناوەندانـەی کـە پاڵپشتی لە توێژینەوە دەکەن.
- دەستنیشـانکردنی ئـەو پرۆپۆزەلانـەی کـە شـیاون بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی دارایی.
- کارکـردن بـۆ ئامادەکردنـی پرۆپۆزەڵـی هاوبـەش لەگـەڵ زانکۆکانـی دیکـە بـە مەبەستی وەرگرتنی پاڵپشتی توێژینەوە.
- سـوودوەرگرتن لـەو زانکـۆ و ناوەندانـەی کـە ئەزموونـی دەوڵەمەندیـان هەیـە لـە بەدەسخستنی پاڵپشتی دارایی.
- بەکردارکردن و بەبازاڕکردنی بەرهەمی توێژینەوە زانستییەکان.

## ئامانجـی هەشـتەم : گۆڕینـی زانکـۆی سـۆران بـۆ زانکـۆی توێژینـەوە و زانستە کارەکییەکان

### ١. گواسـتنەوە لـە دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی کلاسـیکی بـۆ ناوەندێکـی زانستە کارەکییەکان و توێژینەوە:

- گرنگیـدان بـە تێکەڵکردنـی ئەزموونـە پراکتیکییـەکان و توێژینـەوەی کارەکـی لەگـەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن.
- هـاوکاری لەگـەڵ کەرتـی پیشەسـازی بـۆ دابینکردنـی ڕاهێنانـی دەسـتی و هەلـی مەشقکردن بە فێرخوازان.
- گۆڕانـکاری لـە وانەوتنـەوەی کلاسـیکی لەسـەر بنەمـای وانـە بـۆ داڕشـتنەوەی وانەکان لەسەر بنەمای سەرئەنجامی توێژینەوەکان.
- دڵنیابـوون لـەوەی کـە بەرهەمـە پەروەردەییـەکان پێداویسـتییە کۆمەڵایەتـی و بازاڕییەکان دابین دەکەن.

### ٢. گرنگیدان بە خوێندنی زانستە کارەکییەکان.

- پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئەوەی زیاتر فێربوونی دەستی، لەسەر بنەمای پڕۆژە، مەشقکردن و هاوکاری پیشەسازی لەخۆبگرێت.
- یەکخستنی پرۆگرامەکانی بڕوانامەی پیشەیی لەناو پرۆگرامەکاندا بۆ بەرزکردنەوەی توانای دامەزراندن و لێهاتوویی پڕاکتیکی.
- یەکخستنی هەردوو فاکەڵتیی زانست و ئەندازیاری لە چوارچێوەی یەک ناوەندی ئەکادیمی بە ناوی فاکەڵتیی ئەندازیاری و زانستە سروشتییەکان.

### ٣. یەکخستنی هەردوو فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن و فاکەڵتی ئاداب ە چوارچێوەی یەک ناوەندی ئەکادیمی بە ناوی فاکەڵتی بەڕێوەبردن، یاسا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

### ٤. دامەزراندنی فاکەڵتیی پزیشکی و تەندروستیی گشتی.

### ٥. دامەزراندنی سەنتەری کوردناسی سۆران بۆ لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان

### ٦. دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا و پەرەپێدانی پایاری.

### ٧. دامەزراندنی سەنتەری بوژانەوەی پزیشکی و خانەی بنچینەیی.

### ئامانجی نۆیەم :کارکردن لەسەر 17 ئامانجەکانی گەشەپێدانی پایاری نەتەوە یەکگرتووەکان (UN Sustainability Development Goals).

١.گرنگیدان بە تەندروستی دەروونی و جەستەیی.

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیی گشتی، لەوانەش پشتگیری تەندروستیی دەروونی.
- پێشخستنی چالاکییە جەستەییەکان لە ڕێگەی بەرنامەکانی وەرزش و دەروونی تەندروستی.

### ٢. بەدیهێنانی یەکسانی خێزانی و بەهێزکردنی توانای ژنان و کچان.
- جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ڕەگەزەکان مسۆگەر بکەن.
- پەرەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنەرایەتی تایبەت بۆ فێرخوازانی کچ.
- دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو فێرخوازان.

### ٣. پێشخستنی گەشەی ئابووری بەردەوام و گشتگیر و پایار.
- پەرەپێدانی پڕۆگرامی مەشقکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە پیشەسازییە پایارییەکاندا.
- پشتگیری لە دەستپێکردن و وەبەرهێنانی کارگێڕی لە نێوان فێرخوازاندا.
- دروستکردنی وەرشەی تایبەت بەکردارکردن و بە بازاڕکردنی بەرهەمی توێژینەوە زانستییەکان.

### ٤. دڵنیابوون لە بەکاربردن و شێوازی بەرهەمهێنانی پایار.
- دروستکردن و بەکارخستنی یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوەکان.
- دروستکردنی وەرشەی تایبەت بە پاراستن و چاککردنەوەی کەرەستەکان.

### ٥. ئاشناکردنی مامۆستایان و فێرخوازن بە گرنگی پایاربوون.
- بە پایارکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن.
- ئەنجامدانی وێرکشۆپ و خوڵی ڕاهێنانی تایبەت.
- بە پایارکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

### ٦. پەرەپێدانی ژێرخانی کەمپەسێکی خۆڕاگر و پایار کە وزەی پاک، داهێنان، گەشەپێدانی پایاربوونی شارەکان، و چالاکی پاراستنی کەشوهەوا بەرەوپێش ببات.
- دروستکردنی باخچە و مۆزەخانەی ڕووەکی ناوچەیی.
- دروستکردنی سیستەمی بەکارهێنانەوەی ئاو.
- دروستکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران.
- سوود وەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ دابینکردنی کارەبا و وزە.
- وەبەرهێنان لە ناوەندەکانی توێژینەوە و داهێنانی پێشکەوتوو کە سەرنجیان لەسەر تەکنەلۆژیا و پراکتیکەکانی پایاربوون بێت.
- پێشخستنی پڕۆژەی توێژینەوەی نێوان زانستەکان کە باس لە ئاستەنگەکانی پایاری دەکەن.
- پەرەپێدانی هاوبەشی لەگەڵ کەرتەکای پیشەسازی بۆ پشتگیریکردن لە داهێنانی نوێ و پراکتیزە پیشەسازییە پایارییەکان.

- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بژاردەی گواستنەوەی پایار، لەوانەش بەرنامەکانی هاوبەشکردنی پاسکیل.
- ڕێکخستنی بەرنامە و بۆنە پەروەردەییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پێشخستنی پراکتیزە پایارییەکان.

**٧. دامەزراندنی ناوەندێکی تایبەت بە کارکردن لەسەر بەجێهێنانی ئەم ئامانجە.**

**ئامانجی دەیەم: سەربەخۆکردنی زانکۆ**

**١. هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات.**

**٢. کردنەوەی خولی بەردەوامی ڕاهێنانی زمان و شیاندن و هاندان و پیداگۆجی هاوینە.**

**٣. ڕێگەپێدان بە ڕێکلامکردنی کۆمپانیاکان لە ناو کەمپەسی زانکۆ.**

**٤. دروستکردنی کۆمەلگەی وەرزشی نێودەوڵەتی.**

**٥. دروستکردنی ئوتێلی گەشتیاری.**

**٦. دروستکردنی بازاڕگەی سەردەم.**

**٧. کردنەوەی کۆفی شۆپ.**

**٨. دابینکردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ قوتابیان و مامۆستایان.**

**٩. هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکان بۆ زیاتر سەربەخۆکردنی زانکۆکان و خێرایی لە کارکردن.**

## هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای زانکۆی سۆران

هەڵسەنگاندنی هەر دامەزراوەیەک لە ڕێگەی لایەنێکی دەرەکی بێ لایەن یاخود پرۆسەی خودهەڵسەنگاندنی دامەزراوەکە دەبێت ئەنجامبدرێت. یەکێک لە ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی دیاریکردنی خاڵە بەهێز (لایەنە ئەرێنی)ەکان، خاڵە لاواز (لایەنە نەرێنی)ەکان، دەرفەتەکانی بەردەست و هەرشە ومەترسییەکان دەبێت؛ ئەم پرۆسەیە لە بنەما کارگێرییەکان بە زمانی ئینگلیز بە SWOT ناسراوە. لێرەدا شیکاری SWOT بۆ زانکۆی سۆران دەخەینە بەردەست:

## یەکەم: خاڵە بەهێزەکان

زانکۆی سۆران لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە هیوایەکی ئایندەساز دەستی پێکرد و پلان و بەرزخوازی زۆری هەبوو. هەوڵی زۆریدا لە پێگەیاندن و پەرەپێدانی تاکەکانی زانکۆ و بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆ و ناساندنی بە جیهانی ئەکادیمی. ئەمەش بووە بناغەیەکی باش بۆ ئەم خاڵە بەهێزانەی خوارەوە:

١. بەرزخوازی و خۆنەویستی تاکەکانی زانکۆ لە بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی تواناکانی زانکۆ.
٢. هەبوونی ئەکادیمی بە ئەزموون و لێهاتوو و دەستپاک و دڵسۆز لە سەرکردایەتی کردنی زانکۆ.
٣. هەوڵی بەردەوامی زانکۆ بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی فێربوون و فێرکردن لە تەواوی کایەکان.
٤. هەوڵی بەردەوامی زانکۆ لە باشترکردن و بە سیستەمکردنی تەواوی پرۆسەی کارگێڕی زانکۆ.
٥. هەوڵی بەردەوامی زانکۆ لە شەفافترکردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی داهات و بودجەی زانکۆ.
٦. سووربوونی زانکۆ لەسەر تەواوکردن و جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی.
٧. زیادبوونی ژمارەی هەڵگرانی خوێندنی باڵا لە ماستەر و دکتۆرا.
٨. هەبوونی سەنتەرێکی بەهێزی توێژینەوەی زانستی کە دەتوانێت ڕۆڵێکی باش بگێرێت لە جێبەجێکردنی بەشێکی گرنگی پلانی ستراتیژی.
٩. هەبوونی تۆڕیکی پەیوەندی فراوان لە گەڵ زانکۆ جیهانیەکان.
١٠. پەیرەوکردنی پێواژووی بۆلۆنیا.
١١. هەبونی ژمارەیەک لە سەنتەری چالاک و تایبەتمەند بە بوارە جیاوازەکان.
١٢. هەبوونی پلانی ستراتیژی زانکۆیی.

## دووەم: خاڵە لاوازەکان

زانکـۆی سـۆران وەکـو هـەر دامەزراوەیەکـی دیکـە کۆمەڵێـک خاڵـی لاوازی هەیە کە بریتین لە:

١. نەبـوون یاخـود نادڵنیایـی لـە بەردەسـتبوونی بودجـەی پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی هەموو ئەو کارانەی لە پلانی ستراتیژی زانکۆدا نەخشەیان بۆ دانراوە.

٢. نەبوونـی باڵەخانـە و شـوێنی نـوێ و ژینگـەی فێربوونـی پێویسـت کـە لەگـەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بگونجێت.

٣. نەبوونـی هەماهەنگـی پێویسـت لـە نێـوان زانکـۆ و کۆمەڵگـە و دامەزراوەکانـی کەرتی گشتی و تایبەت.

٤. نەبوونی ڕێبەری کارکردن (job description)ی تایبەت بە کارمەندانی زانکۆ.

٥. نەبـوون یاخـود دروسـتنەکردنی پەیوەنـدی بـەردەوام لەگـەل دەرچووانـی زانکـۆ (University Alumini)

٦. نەبوونی پلانی ستراتیژی لەسەر ئاستی فاکەڵتی و بەشەکان.

٧. نەبوونی مامۆستای پسپۆر لە هەندێک لە بواری تایبەتی.

٨. نەبوونی کتێبخانەیەکی سەردەمیانەی گرێدراو بە جیهانی پێشەکەوتوو.

٩. نەبوونی ژێرخانی ئەلیکترۆنی کارگێری و بەڕێوەبردنی زانکۆ.

١٠. نەبوونی ژێرخانی زانیاری سەبارەت بە پێویستییەکانی کۆمەڵگە و بازاڕی کار.

١١. نەبونـی سیسـتەمێکی پێشـکەوتووی سـاڵانە بـۆ پێداچونـەوە و بەخشـینەوەی متمانەی مامۆستابوون بە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوەی زانکۆیی.

١٢. نەبوونی گۆڤارێکی زانستی ئاست بەرز.

١٣.هەبوونی هەندێک پابەندی دارایی و یاسای بەرانبەر لایەنی دەرەکی.

## سێیەم: دەرفەتەکان

زانکۆ سۆران دەرفەتی زۆرباشی هەیە بۆ گەشەکردن و جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی، کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە دەرفەتەکان:

١. متمانەی کۆمەڵگە و پشتگیری حکومەت بۆ زانکۆی سۆران.
٢. گۆڕینی زانکۆ بۆ زانکۆیەکی زانستە کردارییەکان.
٣. زیادبوونی خواست لە سەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی.
٤. فراوانکردنی زانکۆ بە کردنەوەی فاکەڵتی و پرۆگرامی زانستی نوێ.
٥. متمانەی بەشێکی زۆری زانکۆکانی دەرەوە بە کار و چالاکییەکانی زانکۆی سۆران.
٦. هەبوونی ڕێککەوتنی هاوکاری لە نێوان زانکۆی سۆران و ژمارەیەک زانکۆ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.
٧. هەبوونی ڕێککەوتنی هاوبەش لە نێوان زانکۆی سۆران و بەشێک لە دامەزراوە حکومییەکان.
٨. بە بەردەوام زیادبوونی هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و بەرزبوونی پلەی زاستی بەشێکی ستافی ئەکادیمی.
٩. نەبوونی هیچ زانکۆیەکی دیکە لە دەڤەرەکە.

## چوارەم: ئالنگارییەکان

هەرەشە و مەترسییەکانی سەر جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی زانکۆی سۆران ئەمانەی خوارەوە:

١. قەیرانی دارایی کە کاریگەری هەم لە سەر موچەی مامۆستاو کارمەندان هەمیش لە سەر داهاتی زانکۆ دروست دەکات.
٢. نەمانی خواست لەسەر هەندێک پرۆگرام و بەشی زانستی.
٣. ناچارکردنی بەشە زانستیەکان بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتری قوتابیان لە دەرەوەی پلانی ساڵانەی خۆیان.
٤. نەبونی جێگیری لە بڕیار و ڕێنمایەکانی وەزارەت و نالۆژیکی بەشێکیان.
٥. لاوازی ئاستی زانستی قوتابیانی تازە وەرگیراو.
٦. کێبرکێی ناتەندروستی نێوان زانکۆکان.
٧. ناوەندگەرایی لە سیستەمی خوێندنی باڵادا.
٨. نەبوونی دەرفەتی دامەزراندنی کارمەندی نوێی پێویست.